www.kurdistannet.org
24-1-2007 20:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# چاوێک پڕ لە نوور ... بەهزاد حەوێزی

لە شاخ شەکەتتر منم
لە گوڵ تەنیاتر منم
لە ئەشك خەمگینتر منم
*******

لە شاخ کەڵەگەتتر تۆی
لە گوڵ نازکتتر تۆی
لە ئەشك شکۆدارتر تۆی
*******

داخوا گیانم چیدی بەرگەی جەستەم دەگرێ
داخوا جەستەم چیدی بەرگەی سەفەر دەگرێ
نیگام بە لاسکەگیای هەنسکەوە بەندە
رکاویتر لە خوناوەی سەر پەلکی دار چوالەکان
*******

گوناه بوو
بەو درەنگە خۆشمویستی
فریشتەی ئیشقم بە خاچی گەردن هەڵواسی
بە نێو تەمتومانی گوماندا
بێ پەنا بوو
بوونی پەستبووم
بێ لانە بوو
تاسەی ونبووم
*******

ئەوە منم بە کفنێکی بنەوشەیی
لە نێو چاوێکی پڕنوری عەزرایی

2006/11/29 - هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.